بەدڵێکی پڕ لەداخ وکەسەرەوە، وێڕای ئەوەی کە خۆم بەشەریکی خەم ودەردونارەحەتی بنەماڵەی بەڕێز کاك کەریمی حیسامی دەزانم، سەرەخۆشی، لە خۆیان و خزم و دۆست و ئاشناو کەس وکاریان دەکەم .

خوشك و برایانی بەریز !

ئێمە کە ئەورۆ بەدڵێکی پڕ لە خەم و پەژارەوە بۆ ڕێزگرتن لەکەسێك لەدەوەری یەکتر کۆبووینەتەوە، بۆوەی ئەگەرکاتیش کەم بێ، بتوانین بە ئاماژێکی بچوك هەستی مرۆڤدۆستانەی خۆمان دەربڕین. کەسێکی کە تەوولی تەمەنی خۆی، بێ وەقفە لە خزمەت بە نەتەوەو نیشتمانەکەی تێکویشاوەو ڕانەوەستاوە.

بەشی هەرە زۆری حازرین کە لێرەین دەزانین کەکاك کەریمی حیسامی لە پێناو خزمەت بەگەلەکەیدا سەرتاپای تەمەنی لە زیندان و ئاوارەیی و دەربەدەریدا بەسەر بردوەو بەو پەری دڵسۆزیەوە هەرشتێکی کە بەسوودی میللەتەکەی زانی بێ، تا ئەو جێگایەی توانی بێتی هەڵسووڕاوەو بۆی تێکۆشاوەو دریغی نەکردوە.

کاك کەریمی حیسامی، وەك مرۆڤێکی ماندونەناسی کورد، لەدەورانە جۆربەجۆرەکاندا بەپێی هەل و مەرجی زەمان، چە لەدەورانی پڕ لە هەللاو هەنگەمەی دوکتور محمد مصدق و ڕاپەڕینی وەرزێران لەکوردستان، چ دوای سەرکوتکردنی ئەو خەبات و ڕاپەرینانە، وەك خەباتکارێکی کۆڵنەدەری کورد تێکۆشاوەو ئەوەی بەئەرکی سەر شانی خۆی زانیبێ ئەنجامی داوە.

دوای سەرکوتکردنی هێزە سیاسیەکانی ئێران، کاك کەریمی حیسامی بەهەول وکۆششێکی زۆر، توانی خۆی بگەیەنیتە دەرەوەو لە ڕادیۆی پەیکی ئێران بەرنامەکوردیەکەی ئەو ڕادیۆیە بەڕێوەبەری.

لەڕاستیدا لەو دەوراندا واتە: نێوان ساڵانی ۱۹٦۰ تا ۱۹۷۸ بەرنامەکانی کوردی رادیۆیەکی ئاوا، وێڕای ئەوەی کە نیشانگەری زمانی نەتەوەیەك بوو، لە باری کلتووری‌و سیاسیش سەرنجی کۆڕو کۆمەڵانی کوردستانی ڕاکێشابوو. هەروەها دەکرێ بڵێین: لەو سەردەمدا ئەو پەری دڵگەرمی‌و تەقویەتی قەلب بوو، و تاڕادەیەك ئێش‌و ئازارەکان لە سەرئەو ڕادیۆیە شیدەکرایەوەو سوکنایی بە خەم‌و پەژارەکانی کورد دێنا .

کاك کەریم لەگەڵ ئەوەیدا ئەو بەرنامە کوردیەی بەڕێوە دەبرد، وەك کادرێکی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، نێوە نێوەش سەردانی ئەو کوردانەی دەکردکە لەئێران ڕایانکردبوو، وەك پەنابەر لەکوردستانی عێراق نیشتەجێ بوون. مەبەستی لەو سەردانە ئەوە بوو پێوەندی لە گەڵ کوردستانی رۆژهەلات نەپچڕێ‌و هەوال‌و ڕووداوەکانی کوردستان وزوڵم‌و زۆری ڕژیمی نگریسی ئێران‌و هەروەها هاواری کورد، هەرچەند کەمیش بێ، لەو رادیویەدا بلاو بکرێتەوە .

دوای ڕووخانی ڕژیم حەمەرەزاشا، کاك کەریمی حیسامی یەکێك بوو لەوکەسانەوئەو کوردە ئاوارانە کە بۆکوردستان گەراوە. کاك کەریم وەك کادرێکی وریاو هوشیارحیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو بەشەکانی سیاسی‌و تەشکیلاتی‌و ڕۆژنامەو رادیۆی حیزبدا درێژەی بەخەباتی خۆیداو، وەك کادرێکی چالاکی حیزب، شان بەشانی پێشمەرگە چ بە تەبلیغات‌و ئاژیتاسیۆن، چ بەنووسین، بەشداری شۆڕشی کوردستان بوو.

بە داخەوە دیسان بۆ جارێکی دی، دەستی گەردونی بەدگەرد، تووشی ئاوارەیی‌کردەوە. ئەو جار بەشێوەیەکی دی لە شێوەکانی خەبات، بە دەرکردنی ڕۆژنامەی سەر دەمی نوێ بۆ دیفاع لە گەلی زۆرلێکراو دابەشکراوی کورد دەستی دا پێنووس‌و نیزیك بە چوار سال درێژەی

بەکاری رۆژنامەگەریدا.

کاک کەریم حیسامی تا ئەو کاتەی لە باری مادیەوە بڕستی بڕی و توانای دەرکردنی رۆژنامەکەی بوو بەڕێوەبرد. دوای راوەستانی رۆژنامەکەش دانەنیشت و بەپشتکاریەکی تەواو دەستی کرد بە نووسینی بابەتی مێژوویی و کلتوری و تەرجومە و مەقالات.

لەڕاستیدا کاک کەریم حیسامی وەك مرۆڤێکی دڵسۆزی ئەرك ناس، تا ئەو رۆژەی دەستی قەڵەمی گرت و دواین دەورانی ژیانی، لە خزمەتکردن بەکورد، بێ ماندووبوون تێکۆشاوەو بە پێی توانای خۆی لە هەر ڕێگایەك و بەهەر شێوەیەك بۆکرابێ دریغی نەکردوە.

دیارە شتێکی سروشتی یە، هیچ کەس هەتا سەر ناژی و نامێنێ. بەپێی ئەو یاسا سروشتی یە، کاک کەریم حیسامیش وەك هەمووئینسانێکی ئازادیخوازی دژی زۆرداری، دنیای پڕلە هەڵلاو ئاشوبی بێدادی بە جێ هێشت و لەنێومان رۆیشت و بە ئاواتەکانی کە ئازادی نەتەوەی کوردبوو نەگەیشت.

بەڵێ کاک کەریم لە نێومان رۆیی، بەلام بەهۆی سابیقەی کارو تێکۆشانی سیاسی لە کوردستان و دەرەوە، هەروەها ئەو نووسراوەو بەرهەمانەی کە بەجێی هێشتون، هەمیشە زیندووەو لەنێومانە.

یادی بەخێرو روحی هەر شاد بێ.    ٢٠٠١/١٠/١٤